کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
25-4-2007 21:56بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## یەکیەتی و سەرکردەکانی یەکیەتی زۆر گەورەترن لە پلانەکانی پشت پەردەی کۆلکە نووسەران و ئاخوڕ گۆڕان ... حسین باڵەیانی

من جاران بڕوایەکی زۆرم بەوەهەبوو. کە ماڵپەڕێکی بلندگۆ دروست بێت بە شێوەیەکی لیبراڵ و بێ لایەن. بابەتە ڕەخنە ئامێزو بونیاد نەرەکان بگرێتە خۆ و دوور لە تەشەنە و درۆ هەڵبەستن و ووشە ڕێژ کردنی بێ دیکۆمنتار دژی ئەم و ئەو. دیارە تاماوەیەک لەمەوبەریش ئەم ماڵپەڕە بێ لایەن و لیبراڵەم لە کوردستان نیت دا دەبینیەوە. بەڵام مەخابن ئەوە ماوەی چەند مانگێکە ئەم ماڵپەڕە میصداقیەتی بێ لایەنی خۆی لەدەست داوە و بە پێی بەرنامەڕێژێکی دیاری کراو. کۆمەڵێک ناوی خوازراو هەن لەم ماڵپەڕە کەووتوونەتە هێرش کردن و قسەی ناڕەوا بە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و سەرکردە تێکۆشەرەکانی و دیارە خودی برای خۆشەویستیشمان بەڕیز مام جەلال لەم هێرشە ناڕەوایەدا بەدەر نەبووە

نازانم کاک عومەر فارس دوای دیدارەکەی لە ئەڵمانیا لە گەل ( ... ) و دیداری دووهەمی لەگەل هەمان کەس لەکوردستان ناوبراو چی پرۆگرامێکی بۆدارشتبێ من وای بۆدەچم کە تەنیا ئەوەدەستە بێ لە پشتی ئەو پلان دارشتنە بێت. دژی یەکیەتی ئەگەر نا بۆ بەر لەو دیدارە کوردستان نیت رۆلێکی زۆر چاکی دەبینیی. بەرێز کاک عومەر من بە ئەوپەری خۆشەویستی بە بەرێزتانی رادەگەیەنم بەر لە تۆ کەسانێکی تر ئەو یاریەیان کرد حاشا لە بەرێزتان خۆیان لە زبلخانەی راگەیاندن و میصداقیەتیان لەدەستدا. بۆیە من وەک کەسێکی دۆست و خۆشەویست هەم بۆ یەکیەتی نیشتیمانی وهەم بەرێزتان حەزدەکەم هەولبدە واقیع بینانە تەماشایی بابەتەکانت بکە و با ئەم ماڵپەرەش بەدەردی ماڵپەری ... نەچێت و ئەوەش بزانە هیچ نهێنیەک تا سەر بە شاراوەی نامێنیتەوە. بۆیە دەڵێم یەکیەتی و سەرکردەکانی یەکیەتی زۆر گەورەترن لە پلانەکانی پشت پەردەی کۆلکە نووسەران و ئاخوڕ گۆڕان.

تێبینی کوردستان نێت:

بەڕێز باڵەیانی، سوپاس بۆ ڕەخنەکانت بەڵام بەداخەوە لە بۆ چونەکانت سەبارەت بە کوردستان نێت وا نییە، کوردستان نێت نێتی هەموانە و ئازادی بیروڕادەربڕین بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی دەستەبەر دەکات. سەبارەت بە بینینی بەرپرسان، شتێکی شاراوە نییە کەمن لە سەردانەکانم بۆ کوردستان دیدەنی زۆربەی دەسەڵاتداران دەکەم لەسەر خواستی خۆیان، ئەویش بۆ دووان لەسەر کاری ڕۆژنامەگەریێتی و هەڵسەنگاندنی کوردستان نێت، دڵنیاش بە بەحوکمی ئەوەی کەمن خەڵکی سلێمانیم دیدەنەکانم زیاتر لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئەدەڤەرە زۆرترە وەك لە دەڤەری زەرد.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.